سەرکی هەرەمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی جەژنی قوربانی لە کاکەیی و یارسانیەکان دەکات

سەرکی هەرەمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی جەژنی قوربانی لە کاکەیی و یارسانیەکان کرد و ڕایگەیاند، "بە گەرمی و لە دڵەوە پیرۆزبایی جەژنی قوربانی لە تەواوی هاووڵاتیانی خۆشەویستی کاکەیی و یارسانان لە هەرەمی کوردستان و عێراق و لە هەر کوێ بن، دەکەم. هیوارم جەژنێکی خۆش و ئاسوودە بەڕێ بکەن".

وتیشی: بەم بۆنەیەوە ئازیزانی کاکەیی و هاووڵاتیانمان لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە وەک هەمیشە پشتیوان و پارێزەری مافەکانیان دەبین و کوردستان هەر بە وڵاتی هەمووان و لانکەی پێکەوەژیان و فرەیی و لێبوردەیی دەمێنێتەوە.